# ( هەورامان و زبانی هەورامی )

هەورامان وەک بەشێک لە کوردستان یەکێ لە شوێنە هەرە مێژوویەکانی دونیایە. و لە بواری کەلتووریەوە ئەوەندە دەڵوەتمەندە کە تا بمانەوێ شتی بۆ نووسین هەیە. بەڵام هەروا کە زۆر جار گوتراوە کە ئەگەر نەتەوەیێک وەکوو دارێک دابنرێت ریشەی ئەو دارە زبانەکەیە و هەرچەند ریشەی ئەو دارە تەغزیە بکرێت هەر بەو ئەندازەیش، شاخ و بەرگی ئەو پەرە دەسێنن. کە واتە ئێمەی کورد یا هەر نەتەوەیێکی تر ئەگەر بایغ بە زبانەکەمان نەدەین ئەوە نریتەکانی دیکەیشمان لاوازتر دەبن. بەو چەشنە یش کە مامۆستا هەژار لە سەرەتای "هەنگبانە بۆرینە " دا دەڵێ کە هەر نەتەوەیێک زبانی تیابچێ هوڤیەتیشی تیا دەچێ. وە نموونەی وەڵاتە عەرەبیەکانمان بۆ دێنێتەوە کە پتر لە پێنجسەد ساڵ لە ژێر چەپۆکی تورکەکانی ئوسمانیدا بوون بەڵام چوون زبانەکەیان پارێزرا بوو ئەو سەردەمەی کە رزگاریان بوو لەوە دەچوا کە هیچ نەقۆمابێ. بەڵام قیبتیەکانی، مێسر، سوودان،مەراکێش و... فینیقیەکانی سووریە ،لبنان و فارسەکانی مەدائێن لە دوای عەرەبیزە بوونیان باقی نریتەکانی دیکەیشیان فەوتان.جا هەر بەو بۆنەوە ئێمەیش گرنگی پێ دەدەین و لێرەدا دەست لە هەموو شتە بەنرخەکانی هەورامان بەر دەدەین و دەچینە نێو بابەتی زبانی هەورامیەوە.

زبان، ئامرازی پەیوەندی گرتنی مرۆڤ لە گەڵ مرۆڤە کە لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە خولقێندراوە و هیدی هیدی لە گەڵ پێشکەوتنی مرۆڤدا لە بوارەکانی شارەستانیەت،توکنولوژی،ئابووری،سیاسی و... رەنگی تازەی بە خوەیدا گرتوە؛ وە هەرچەند مرۆڤ روو بە تەکامول بچێت ئەوە زبانیش بە دوایدا دەچێ. وە لە دونیای ئەورۆیشدا کە دونیا روو بە دوموکراتیزە بوون دەروات. و سەردەم سەردەمی بەڵگە و دوکومێنتە، ئیتر کەسێک ناتوانێ فەخر

بفرۆشی لە سەر کەسێکی تردا و بڵێ من نەتەوەی سەرترم .
ئەگەریش هاتوو کەسێک وا بیر بکاتەوە ئەوە لە دونیای ئەوڕۆدا باوی نەماوەو مۆری بێ مەنتێقی و فاشیستی و... پێوە دەچەسپێ. ئەوڕۆ تەنها بە پێی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی ئاکادمیک دەتوانی بڵی ئەم زبانە لە لەحازی پێشینە و گرامێرەوە(دەستووری) بە هێزترە. کە ئەوەیش قەد نابێ بە هۆی سەرتەری ئاخاورانی ئەو زبانە لە سەرئاخاورانی زبانێکی لە خۆی لاوازتردا و ئەوە تەنها هۆکەی دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆیێکی مێژووی ،جوغرافیای، کۆمەڵگای ...

# ( پێشینەی زبانی هەورامی )

زبانی هەورامی لە زومرەی زبانە هند و ئورووپایە کانە بە پێشینەیێکی زۆر دێرینەوە. کە ئاخاوەرانی وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد لە نێو شارەستانیەتی دێرین و سەرسووڕێنەری "میزۆپتامیا " واتە بین النهرین کە لە دوو تەرەفی دەشتە سەرسەوزەکان و چیا سەربەرزەکانی زاگرۆس دا دەژین. کە ئەم شارستانیەتە دێرینە تا ئیستا بە سوورەتی نە نووسراوو سینە بە سینە و بەشێکی کەمیشی بە سوورەتی نووسراوە لە نێو دڵی دەوراندا تێ پەڕیوە و بە سەربەرزی تا ئەوڕۆ گەیێشتوە. و بە هەوی شاخاوی بوونی هەورامانەوە، زۆرتر لە باقی دیالیکتەکانی دیکەی کوردی لە گەزەندی بێگانە پارێزراوە و ئۆرژیناڵ ماوەتەوە.کە ئەمە دەبێ وەکوو میراتێکی پڕ بەها لە لایانی هەموو کوردێکی هەورامی و غەیرە هەورامی ئاوڕی لێ بدرێتەوە.
هەرچەند زۆرێک لە لێکۆڵینەرانی رۆژئاوایی وەکوو "مەکنزی" و "ئی.سوونیش" و بڕیارە هاوبەشەکەی ساڵی"1921" ی "ئا.کریستنسن و م.بینیدیکتسن " لە سەر ئەو باوەڕەدان کە زبانی هەورامی کوردی نیە و ئاخاوەرانی ئەو زبانە کورد نین.بە پێچوانەوە خودی ئەم خەڵکە خۆیان بە

ئۆرژینالْترین (ئەسلێترین) کورد دەزانن و هەموو فاکتەرەکان و پێوەرەکانێ کورد بوون لە خۆیاندا دەبینن.
لە بارەی مێژوویی بوونی زبانی هەورامیەوە زۆر بەڵگەو سەرچاوە هەن. بەڵام ناگونجێ هەموویان لە دەقێکی کورتدا ناوزەد بکرن. لەم دەقەدا تەنها ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەکرێ.
هەرواکە دەزانین هەورامان ناوەندی باڵاو بوونەوەی ئایینی زەردەشت بووە و پەرتۆکی ئایینی ئەم ئایینە واتە"ئاڤێستا" هەرچەند کە لە سەدەی هەفتومی کۆچیدا بە دەستی پارسیە ئێرانیەکان لە هوندوستان تەدوین کراوە وە بێ گمان ئەو تەدوین گەرانە هیچ پێناسێکیان لە سەر زبانی هەورامی نەبوە هەنووکەیش 80 لە سەدی ئاڤێستا دێتەوە سەر هەورامی ئیستا.
موحەمەد تەقی بەهار(مەلەکە شوعرای بەهار) لە پەرتۆکی سەبک شناسیدا چەندها وشە وەکوو "موانان،ورازان،مواچان،..." دێنێتەوەو دەڵێ هیچ ئاڤێستا شناسێک سەر لە ئەم وشانە دەر ناکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نەخوێندەوارێکی هەورامیش واتای ئەو وشانە بە سەهل و ئاسان دەزانی.و لە نێو ئاخاڤتنی ئاسایی رۆژانەیدا بە کەڕات دەیانبێژێتەوە.
یەکێکی تر لەو خاڵانە قەباڵەکانی هەورامانن، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە دەڤەری هەورامان دەرکەوتوون سەردەمیان دەچەرخێتەوە بۆ سەدەی یەکومی پێش لە زایین و بە خەتی ئارامی نووسراون کە بێ گومان پەیوەندیان لە گەڵ زبانی خەڵکی ئەودەڤەرەدا هەیە .
لە چەند پەرتوکێ کیشدا وەکوو"درخت ئاسووریک ، کارنامەی ئەردەشیری بابەکان" کە تکێستی پەهلەوی لە نێویاندا نووسراوە پەیوەندیەکی زۆر لە بەینی ناوەڕۆکیاندا، واتە زبانی پەهلەوی و زبانی هەورامی دەردەکەوەێ.
موحەمەدی کولین، لە پەرتۆکێکدا بە نێوی"بەهاری ئەدەبی فارسی" لە زبانی "مەلەکە شوعرای بەهار"وە ئەم هەڵبەستانەی خوارەو دێنێتەوە و دەڵێ کۆنترین متوونی

فارسی ئەمانەن کە فارس زمانی ئەوڕۆ سەری لێ دەرناچێ.بەڵام ئەمە زۆر لە راستیەوە دوورە چوون ئەم هەڵبەستانە ئامۆژگاریەکانی "مەعرەفەتی پیرشالیارن" بۆ خەڵکی هەورامان و زۆر جاریش لە نێو خەڵکی ئاسایی هەوراماندا بۆ یەگترین دەگوترێنەوە.

داران گیان داران جەرگ و دڵ بەرگەن
گاهێ پەڕ بەرگن گاهێ بێ بەرگن
کەرگە جەهێڵە هێڵە جە کەرگەن
رواس جە رواس وەرگ جە وەرگەن

---

وەروێ وارەینە وەروە وەرێنە
وەرێسە بڕیۆ چوار سەرێنە
گۆشێ مێڕیۆ چوار بەرێنە
کەرگەی سیاوە هێڵە چەرمێنە

دوکومنتێکی تر کە دەلالەت لە سەر پێشینەی زبانی هەورامی دەکات هەڵبەستی"هورموزگانە" کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە ئەشکەوتی "هەزار مێردی" سلێمانی دۆزراوەتەوە کە سەردەمی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی" 137"ی کۆچی کە باس لە زەبر وزەنگی ئەرەبەکانی ئەو سەردەمە لە سەرخەڵکی ئەو دەڤەرە دەکات.
هورمزگان رمان ئاتران کوژان
وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆر کاری ئەرەب کردنە خاپوور
گەنایی و پاڵە هەتا شارەزوور
شن و کنیکا بە دیل بشینا
مەرد ئازا تلا وە رووی هوونیا
رەوشتی زەردەشت مانەوە بێ کەس
بزیکا و نیکا هورموز بە هیچ کەس

هەموو سەرچاوەکان دەسەلمێنن کە ئاخاڤتن بە زبانی هەورامی تەنها تایبەت بە ناوچەیێکی بەر تەسک وەکوو ئیستای هەورامان نەبووە. و لە جوغرافیایێکی بەرینوو بەربڵاو تردا خەڵک پێ دواون.جەهانگەردێکێ ئەرەب بە نێوی "مەقدەسی" لە پەرتۆکێکدا بە نێوی"المسالک و الممالک " لە سەردەمی سەدەی چواری کۆچیدا دەڵێ چومەتە هەمەدان و خەڵکی بە زبانی "واتم،واتت" دواون و لە زۆرێک لە سەرچاوە مێژوویەکانیشدا شاری"بەهاری" هەمەدان بە "وەهار" ناوزەد کراوە کە هەنووکەیش لە زبانی هەورامیدا بە بەهار دەگووترێ وەهار.

هەموو تکستە ئایینیەکانی یارسان بە هەورامی نوسراون وەکوو بەرهەمەکانی "بهلوول ماهی،سولتان ئیساق،بابا یادگا،دایە تەورێزی هەورامی،میر سادقی دینەوەری،بابا شوهرەی لوڕستانی.
تا پێشی ئەو سەردەمەیش کە "مەلای جەزیری" لە سەدەی شانزدە هەڵبەست بە کورمانجی دابنێت و"ئەحمەدی خانی" لە سەدەی هەڤدە "مەم و زین" بە کورمانجی دابنێت و "مامۆستا نالی" لە سەدەی هەژدە هەڵبەست بە سۆرانی دابنێت هەر هونیارێکی کورد ئەگەر هەڵبەستی دانابێ لە تەواوی کوردوستاندا بە زبانی هەورامی بوە.
"شەمسی قەیسی رازی" لە پەرتۆکی "المجمع وفی معابیرواشعارالعجم" دا کە لە سەرە تای سەدەی هەشتومی کۆچیدا نووسیویەتی دەڵێ (خوشترین اوزان فهلویات است کە اهنگ انرا اورامنان خوانند و لحن انرا اورامن یا اورامنان کە نموودار اهنگ مردم هورامان کردستان است کە بە گویش هورامی سخن میگویند) مامۆستا هەژاریش، بەم چەشنە کە "باشترین زبان بۆ شێعر هەورامیە " لە سەر ئەم مژارە باس دەکات.

ڕێژەی ئەو هونیارانە کە بە هەورامی هەڵبەستیان هەیە یەگجار زۆرە و ناگونجێش هەموویان لێرە ناو ببرن تەنها چەند زاتێکی بەناوبانگیان بۆ نموونە دێنینەوە. وەکوو: مەولەوی،بێسارانی،سەیدی،میرزا ئەبدولقادری پاوەیی،میرزا شەفێعی پاوەیی،ئەحمەد بەگی کۆماسی،مەهجووری،سەی یاقووبی ماهیدەشتی،خانای قوبادی...
زبانی هەورامی ماوەیێکی زۆریش زبانی دەرباری ئەردەڵانیەکان بوە کە بە کۆتایی دەسەڵاتیان ئم زبانەیش دەکەوێتە پەراوێزەوە، و ئەمە دەبێتە دوایین سەردەمی دەسەڵاتی زبانی هەورامی.

# (زبانی هەورامی لە لەحازی گرامێرەوە)

زبانی هەورامی لە لەحازی "دەستووریوە" زۆر بە هێزە و زۆر شتی دەتوانین لەسەر بنووسین. بەڵام پێویست نیە خۆمان لێرە شت بنووسین تەنها ئەو لێکدانەوەی ئۆستاد "دێ هخودا" لە نێو "لوغەت نامەدا" لە بارەی زبانی هەورامی بەسە بۆ سەلماندنی بە هێزی زبانی هەورامی.
(زبان هورامي يك زبان مستقل مي باشد كه داراي لهجه هاي مختلف بوده و در كردستان جنوبي رايج است و ساكنين در طول حيات تاريخي خود بدان تكلم نموده اند وداراي قواعد دستوري و غناي كامل در كلمات و اصوات مي باشد و با وجود تغييرات در دوران تاريخي از كيفيت و لطافت و رواني ان كاسته نشده است چون زبان عربي داراي قواعد و چارچوب محكم مي باشد و در فراواني و كوتاهي كلمات و جملات در نهايت يك زبان پربار و قاعده پذير است در رعايت مذكوور و مؤنث، مجازي وحقيقي، سماعي و قياسي، اسماء اشارات، معرفه ونكره، صفتهاي فاعلي و مفعولي و

ضمايروغيره اگرازعربي برترنباشد كمترهم نيست وبا جرات ميتوان گفت: يكي از زبانهاي زنده اي است كه احتياج به حتي يك كلمه ي خارجي ندارد مگردرمواردي كه مانند بقيه ي زبانها وارد گشته باشد و در زبان هورامي هرگاه لازم باشد ميتوان انها را سريعا" جايگزين نمود همچنانكه با امدن زبان عربي به عنوان زبان ديني هورامي بدون داشتن فرهنگستان زبان به وسيله ي مردم عامي بلافاصله شروع به جايگزيني كلمات و اسماء كرد يا انها را كوتاه نمود مانند وضو(دەس و ديم)

(صلوه:نما)(صوم:رۆچێ)(اسكندر:ئەسكە)(مسجد:مزگی)(عبدالله:عەبە)

(محمد:حەمە)

اين زبان شايد بي نيازترين گويشي باشد كه گويندگانش درنهايت راحتي و بدون احتياج به كلمات بيگانه در مسير صحيح قرار داده وبه مقصود ميرساند اين گويش زبان شعر و نوشتار بيش از هزار و پانصد سال كرد بوده است.

(کۆتایی)

خودادادی مورتەزایی(ئەهوەن هەورامی)

ڕێکەوتی86/8/17